





**د.سوهەیلا وەحدەتی بەنا**

**چالاکوانی مافەکانی ئافرەت و منداڵان بۆ گوڵان:**

## دوای پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە کیژۆڵەیەک

# دەبێت جیهان پەیامی توندتری لە دژی تیرۆریستان و رزگارکردنی کچانی ئێزدی لە دەستی داعش هەبێت

**د.سوهەیلا وەحدەتی بەنا، یەکێکە لەو چالاکانەی بواری مافی مرۆڤ کە نەک هەر لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان کەسایەتییەکی ناسراوە. ئەو خانمە تۆێژەر و نووسەر و رۆژنامەنووس و چالاکە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی کاری توێژینەوە و داکۆکیکردن لەسەر مافەکانی ژنان و منداڵانی ئێران دەکات و بە دەیان وتار و توێژینەوەی لەبارەی کوشتنی ژنان و پێشێلکاری مافەکانی ژنی لەلایەن دەوڵەتەوە نووسیوە. ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە چەندین جار لە رێگەی گوڵانەوە لەگەڵ پرسی ژنی کورد ئاشنا کراوە و خۆیشی حەز دەکات لەسەر پرسی ژنانی کورد کار بکات، بەڵام وەک خۆی باسیکرد، کارکردن لەسەر پرسی ژنانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، پێویستی بە داتا و زانیاری هەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو خاتوونە زۆر بابەتییان کار لە سەر پرسی ئافرەتان دەکات. ئەمجارە دوای پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ئەمساڵ بە کیژۆڵەیەکی تەمەن ١٧ ساڵی پاکستانی بەناوی (مەلالە یوسفزای) و ئەندازیارێکی هێندی بە ناوی (کایلاش ساتیارتی) چالاکوانی بواری مافەکانی منداڵ، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.سوهەیلا کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**




**جیهان پێویستی بە پەیامی بەهێزترە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و رزگارکردنی کچان لە دەستی بۆکۆحەرام و ژنان و کچانی ئێزیدی لە دەستی داعش**

**پرسی جیاوازی رەگەزی، مافەکانی کچان و پەروەردە زۆر گرنگن و تەنها لە کەشێکی ئاشتی و ئاسایشدا دەستەبەر دەکرێن**

*** ئەمساڵ خەڵاتی ئاشتی درا بە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی مەلالە یوسفزای، کە لەلایەن چەکدارانی تاڵیبانەوە تەقەی لێکرا، بە بیانووی ئەوەی سوور بوو لەسەر خوێندن کە لە لایەن چەکدارانی تاڵیبانەوە خوێندنی کچان قەدەغە کرابوو، ئایا وەك خانمێکی چالاکوان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان چۆن سەیری پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ دەکەی، بە تایبەتی کە پێشتر هەرگیز ئەم خەڵاتە بە کەسێکی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ نەدراوە؟**

- گرنگە پەرە بە ئاسایش و گەشەپێدان لە نێویاندا پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو تاکەکان بدەین. ئەو سێ لایەنە (ئاسایش و گەشەپێدان و پەروەردە) زۆر لە نزیکەوە پێکەوەگرێدراون. لەو کاتەوە ناکۆکی لە نێوان مرۆڤەکاندا سەری هەڵداوە، مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی مەترسیدار پێشێل دەکرێن و ئافرەتان و منداڵانیش زۆرترین ئێش و ئازاریان پێدەگات. هەروەها پەروەردە فەرامۆش دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە، پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ پێویستن بۆ درێژەدان بە ئاشتی. مەلالە یوسفزای مایەی رەمزییەتێکی بەهێزە لە دژوەستانەوەی لە بەرامبەر ئوسولییەت و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتی کچان لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردە و ئاسایشدا. لە راستیدا گوللەنان بە سەری مەلالەوە کارێکی زۆر مەترسیدار و دژی ئاسایش و پەروەردە و گەشەپێدان و مافەکانی مرۆڤ بوو. ئەم توندوتیژییە هەڕەشەیە بۆ سەر سەلامەتی کچان و هەوڵێکە بۆ ساردکردنەوەیان بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن نەدەن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە پێشێلکردنێکی راستەوخۆی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ دژ بە کیژۆڵەیەك بوو کە دەیویست خوێندن تەواو بکات، لە هەمان کاتدا هەڕەشە بوو بۆ سەر هەزاران کچی وەك ئەو. لەبەر ئەوە بەخشینی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ بە مەلالە جەختکردنەوەیە لەسەر ئاسایش و پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی، هەروەها دەرخستنی گرنگی مافەکانی مرۆڤە بۆ کچان و داکۆکیکردنەوەیە لەسەر مافی کچان لە خوێندندا. کچان لە جیهانی ئێستادا رووبەڕووی چەندین گرفت و کێشەی دژوار دەبنەوە، لەوانە: توندوتیژی، نەخوێندەواری، بە زۆر بە شوودان، رفاندنیان لەلایەن داعش و بوکۆ حەرام و ...هتد. کەواتە توانا بەخشینەوە بە کچان و پاراستنی مافەکانیان بۆ خوێندن زۆر گرنگە. لە هەمان کاتدا، دەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی باس لە ئاسایشی منداڵانی فەلەستینی و مافیان بۆ خوێندن و مافەکانی مرۆڤ کە پەیوەستن بە ئەوانیشەوە ناکرێت؟ یان بۆچی نەبیلە رەحمان، کچە پاکستانییەکی دیکە کە هات بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکات کە چۆن داپیری بەهۆی هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکاوە کوژراوە، بۆچی ئەویش بەشدار نەبوو لە خەڵاتەکەی مەلالەدا؟ ئەوە راستییە کە ئوسولییەت لە هەڵکشاندایە و مەترسییە بۆ سەر ناوچەکە و هەموو جیهان و دەبێت هەمومان بەرەنگاری ببینەوە. هەروەها، هەموو ئەوانەی شەڕی لەگەڵدا دەکەن، دەبێت هەوڵەکانیان تەقدیر بکرێت و لە هەمان کاتدا پاداشت بکرێنەوە. پرسی جیاوازی رەگەزی، مافەکانی کچان و پەروەردە زۆر گرنگن و تەنها لە کەشێکی ئاشتی و ئاسایشدا دەستەبەر دەکرێن. هەرچۆنێك بێت، من باوەڕم وایە ئاسایش لە هەموویان بنەڕەتیترە، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، گرتنەبەری کردەوەی راستەوخۆ بە ئاراستەی هێنانەئارای ئاشتی دەبێت دانی پێدابنرێت و تەقدیر بکرێت. پێدانی خەڵاتی ئاشتی بەوان بە مانای ئەوە دێت کە هیچ کارێکی جددی بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئاسایش نەکراوە ؟

*** دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە سەرۆك ئۆباما لەگەڵ خێزان و کچەکانیدا پێشوازییان لە مەلالە کرد، ئەویش پێی راگەیاند ئەگەر وڵاتەکەی منتان خۆشدەوێت ئەوا لە بری بۆمب کتێب و لە بری سەرباز قەڵەممان بۆ بنێرن، ئەمە چ پەیامێك بە سەرۆك ئۆباما و بە جیهان دەدات ؟**

ئەوەی مایەی بایەخپێدانە، ئەوەیە ئۆباماش خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە، بەڵام بەداخەوە، تۆماری ئەو لە لیبیا و سووریا زۆر جیاوازتر بوو لەوەی چاوەڕوانی لێ دەکرا. ئێستا پەیامی مەلالە یوسفزای بۆ ئۆباما هەندێك لەلایەن راگەیاندنەکانەوە رووماڵ کرا، بەڵام تا چەند ئەمە دەبێتە کردەوە؟ ئایا پەیامی ئەو بەهێزترە لە پەیامی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە ئۆباما؟ چاوەڕوان دەکرا ئۆباما هەوڵی جددی بدات بە ئاراستەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە ئۆباما لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەیەوە کاریگەرییەکی وای نەبوو، بۆیە گومان دەکرێ لەوەی پەیامی مەلالە یوسفزای کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت

*** دەبینین مەلالە لەگەڵ کایلاش ساتیارتی هیندیدا**




خۆپیشاندانی جیهان دژی بە کۆیلەکردن و فرۆشتنی کچان و ژنان لەلایەن تیرۆریستانی داعش و بۆکۆحەرامەوە

**خەڵاتەکەیان بردەوە، کە ئەمەی دواییان لە بواری پاراستنی منداڵاندا بۆ چەندین ساڵ کەسێکی چالاك بووە، واتە درا بە دوو کەس کە لە بواری پەروەردەکردنی ئافرەتان و پاراستنی منداڵاندا کاریان کردووە، ئایا ئەم دوو بوارە ئایندەی ئاشتی لە جیهاندا دیاری دەکەن؟**

- پەروەردەکردنی کچان و ئافرەتان بەشێکی گرنگی گەشەپێدانە. هەروەها، بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان پرسێکی زۆر گرنگە. هەرچۆنێك بێت، پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ پێکەوە گرێدراون لەگەڵ ئاشتی و ئاسایشدا. لەبەر ئەوەی پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ دەبنە هۆی درێژەدان بە ئاسایش. گرنگە دەرك بەو راستییە بکەین کە لە کاتی شەڕدا پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ ماناکانیان لەدەست دەدەن و بە ئاسانی لە ناو دەچێت، کاتێك ئاشتی لە ئارادا نابێت. لەبەر ئەوە، دەستەبەرکردنی ئاسایش زۆر گرنگە بۆ پاراستنی پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ. دووبارە، ئەمانە هەوڵی بە نرخن، بەڵام ئەنجامدانی کاری راستەوخۆ بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئاسایش کاری بە پەلەیان پێویستە. من ئومێدەوارم کە لە ئایندەدا خەڵکانێك هەبن کۆششی سەخت بکەن بۆ ئاشتی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ببەنەوە بۆ ئەو کارانەی راستەوخۆ لە پێناوی ئاشتیدا ئەنجامیان داوە.

*** ئەم خەڵاتەی درا بەو دوو چالاکە، پەیامێك بوو بۆ تیرۆریستان بەگشتی و تاڵیبان بەتایبەتی بەوەی کە دەکرێت لە رێی زانست و مەعریفەوە ریشەی تیرۆریستان هەڵکێشرێت؟**

- من دڵنیانیم لەوەی کە بە راستی پەیامێك بووبێت بۆ تیرۆریستانی وەك تاڵیبان و داعش. ئایا بە راستی تیرۆریستان بەلایانەوە گرنگە خەڵاتێك لەلایەن رۆژئاواوە بدرێت؟ پێموایە ئەمە پەیامێك بوو بۆ رای گشتی بۆ ئیدانەکردنی تیرۆریستان و پشتیوانیکردنی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، ئەگەرچی جیهان پێویستی بەوەیە پەیامی بەهێزتر ببینێت لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، وەك رزگارکردنی کچان لە دەستی بۆکۆ حەرام و ئافرەتانی ئێزدی لە دەستی داعش و هاوکاریکردنی خەڵکی کۆبانێ. بە هەمان شێوە، تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی منداڵانی فەلەستینیش دەبێت لەلایەن رۆژئاواوە ئیدانە بکرێت. بەهۆی ئەم پەیامە جێگیرانەوە رۆژئاوا دەتوانێت قەناعەت بە رای گشتی بێنێت کە ئیرادەی ریشەکێشکردنی تیرۆریزمی هەیە.

*** پێشتر مەلالە چەندین خەڵاتی دیکەی وەرگرتووە، ئێستاش نازناوی هاووڵاتی شەرەفی پێدراوە لەلایەن کەنەداوە، کە پێشتر ئەمە بە دەلایلاما و نێلسۆن ماندێلا دراوە، چۆن لەم بڕیارەی کەنەدا دەڕوانێت؟**

من دڵنیام کە هاووڵاتی شەرەف تەنها ئاماژەیەکی رێزگرتنە، بە مانای ئەوە نایەت کە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ لە پاکستان، یان هیندستان لە ئێستادا دەتوانن دەست لەو کارە هەڵبگرن کە ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانین و بچن لە کەنەدا بژین. رەنگە ئەم ئاماژەیە پتر پڕ مانابێت ئەگەر کەنەدا کارئاسانی زیاتر بۆ ئەوە کەسانە بکات کە پێویستیی زۆریان بە مافی پەنابەرێتی لەم شێوەیە هەیە، وەك ئاوارەکانی سووریا. حکومەتی کەنەدا دەتوانێت پتر لە ئاست ئاوارەکانی سووریادا بەخشندە بێت. من ئومێد دەکەم حکومەتی کەنەدا ئاماژە بەوە بدات کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێت بە کردنەوەی باوەشی بۆ ژمارەیەکی زیاتری ئاوارەکان لە ناوچەکانی شەڕدا.

**بەخشینی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ بە مەلالە جەختکردنەوەیە لەسەر ئاسایش و پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی**

**ئوسولییەت لە هەڵکشاندایە و مەترسییە بۆ سەر ناوچەکە و هەموو جیهان و دەبێت هەموومان بەرەنگاری ببینەوە**

**بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە ئۆباما لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکەیەوە کاریگەرییەکی وای نەبوو، بۆیە گومان دەکرێ لەوەی پەیامی مەلالە یوسفزای کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت**

# کچان چ خوێندنەوەیەکیان بۆ چەمکی هاوسەرگیری هەیە؟





**پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بنەمای بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤە و بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە بایەخی تایبەتییان پێداوە، بەڵام کەلتوور و داب و نەریتی هەر دەڤەر و ناوچە و وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە جۆری روانگە و مەودای ئازادییەکان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر لە لایەن رەگەزی مێ. بەگشتی ژیانی هاوسەری هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خێزان و پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵگەیەکی تەندروست، بەڵام لە وڵاتانی پێنەگەیشتوودا کچان کەند و کۆسپی زۆریان بۆ دروست دەکرێت و ناتوانن بە ئاسانی بڕیار لەسەر دوارۆژی خۆیان بدەن. ئایا کچانی کۆمەڵگەی ئێمە چ خوێندنەوەیەکیان بۆ چەمکی هاوسەرگیری هەیە؟ ئایا هاوسەرگیری تەنیا بریتییە لە ئازادبوون لە بەندی باوان؟ تا چەند بایەخ بە ئامادەکاری بۆ دایکایەتی و هاوسەرداری دەدرێ؟بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«لەتەمەنی گەنجێتی و زاوزێدا ڕێکنەکەوت شوو بکەم، ئێستاش بەو تەمەنەوە هەرگیز ئامادە نیم شوو بکەم، چونکە باش دەزانم منداڵم نابێت، ئەمنیش تاقەتی بەخێوکردنی پیرەمێردی خەڵکم نییە، بێئەوەی ببێتە بابی منداڵەکانم، هەرچەندە نانی مێردی بێ منەتە و ماڵە مێرد سوکنە و سەرپەنایە بۆ کچانی هاوشێوەی من». ئەوە قسەی ساجیدە عەلی بوو، ئەو گەورە کچێکی تەمەن ٥٤ ساڵە و دوای نەمانی دایك و باوکی ئێستا لەگەڵ برا و برازاکانی ژیان بەسەردەبات.

ساجیدە رایوایە «کچان لە گەنجێتیدا لووتبەرزن و بە هەموو پیاوێك رازی نابن، کاتێکیش تەمەنیان چووە سەر بە ئاسانی بە هەموو پیاوێك رازی دەبن، بەڵام کەمتر خێری لێ دەبینن».

بەفرین رەسووڵ ئافرەتێکی تەمەن ٣٨ ساڵە و بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات: «من درەنگ شووم کرد، تەمەنم بوو بە ٣٠ساڵ هێشتا کچ بووم و لەماڵی باوکمدا بووم، رۆژێك سەردانی ئافرەتێکی ناسیاوی خۆمانم کرد کە لە وەزارەتێك بەرێوەبەر بوو، ئەو ئافرەتێکی بە تەمەن و دنیادیتەبوو، داوای لێکردم شوو بکەم و پێی گوتم: کچم شوو بکەی باشترە، چونکە دایك و باوك تاسەر بۆ

**ئەگەر ئافرەت خاوەن شوێن و پێگەی ئابووری و کاری خۆی بێت، ناچێتە ناو پرۆسەیکی ناکامی هاوسەرگیرییەکی سەرنەکەوتوو**

**زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی ئێستا لەسەر بنەما رۆحییەکان بنیاد نانرێ، یان بەرژەوەندیی ماددییە، یان هاوسەرگیرییەکە وەک رۆتین و بەسەربردنی رۆژگارە، بۆیە رێژەی جیابوونەوەو ناپاکیی هاوسەری کەم نییە**

کەس نامێنێ و مێردی باش لە دایك و باوك باشترە، مێردی خراپیش لە کۆڵان باشترە، منیش قەناعەتێکی تەواوم بە قسەکەی هێنا و شووم کرد، هەرچەندە ژیانی هاوسەرێتی هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە، وەلێ پەشیمان نیم».

کارێز نوری کچێکی تەمەن ١٩ساڵانە و لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر قوتابییە، ئەو پێیوایە هاوسەرگیری بریتییە لە ئازادبوون لە بەندی باوان، گوتیشی: «ئەو گرفتەی من هەمە گرفتی زۆربەی کچانی شارەکەمە، کاتێك بە دایکم دەڵێم با برۆکانم چاك بکەم، یان پرچم رەنگ بکەم، یان دەچم بۆ فلان جێگە لەوەڵامدا پێم دەڵێ کەی شووت کرد بۆخۆت ئەو کارانە بکە، ئەو هەموو سانسۆرە وایانکردووە خەو بە شووکردنەوە ببینم و لەو هەموو کۆت و بەندەی خێزانەکەم رزگارم بێت».

سۆزان فەقێ لێپرسراوی یەکێتی ژنان لقی هەولێر، سەرەتا پرۆسەی هاوسەرگیری بە پرۆسەیەکی پیرۆز ناو دەبات و هاوکات دەڵێت :»بەگشتی خەڵك پرۆسەی هاوسەرگیری بە پرۆسەیەکی پیرۆز دەزانن و بە شانازییەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، تا ئەمڕۆش ئەم پرۆسەیە لای ئافرەتی کورد بە ئەرکێکی پیرۆز و گرنگ دادەندرێت، بیرکردنەوەی ئافرەتی کورد بەرامبەر بەم پروسەیە وایکردووە شیرازەی خێزان پتەو و تۆکمە بێت و غەریزەی دایکایەتی بەردەوام بێت، بەڵام رێژەیەکی کەم لە ئافرەتانی کوردیش هاوسەرگیری وەك پرۆسەیەکی سەربازی سەیر دەکەن، پێانوایە هەمان ئەو پرۆسەیەی کە لە رابردوودا دایك و داپیرەیان چوونەتە ناوی، دەبێ ئەوانیش ئەنجامی بدەن، بیئەوەی بەرنامەیان بو ژیانی داهاتوو دانابێت کە پڕە لە بەرپرسیارێتی، ئەوەش دەبێتە پرۆسەیەکی ناکام، ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری بەباشی بەرنامەڕێژی بو نەکرێ، ئاکامی باشی نابێت و ئافرەت دەچێتە ناو پرۆسەیەکی ناکام، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە کچان پێیانوایە دەبێت هەر جۆرێك بێت هاوسەرگیری بکەن و نەمێننەوە، ئەوانەی وا بیردەکەنەوە، من ناهەقیان ناگرم، چونکە بینیویمانە زۆر جار ئافرەت بەرنامەی سەختگیرانەی بۆ خۆی داناوە، بەو هۆکارەش نەیتوانیوە شوو بکات و بووەتە گەورە کچ و خوازیاریشی نەماوە».

سۆزان فەقێ جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر ئافرەت خاوەن شوێن و پێگەی ئابووری و کاری خۆی بێت، ناچێتە ناو پرۆسەیکی ناکامی هاوسەرگیرییەکی سەرنەکەوتوو، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری بەر لەهەموو شتێك پرۆسەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتییە».

ئەندازیار نیگار جەزا، سەبارت بە هەمان پرس دەڵێت «بە رای من هاوسەرگیری گرێبەستی ژیانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و رێز و هەبوونی هەستی خۆشەویستی راستەقینە و قوربانیدان لەگەڵ ئەو کەسەی ژیانی هاوبەش دەکەیت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی ئێستا لەسەر بنەما رۆحییەکان بنیاد نانرێ، یان بەرژەوەندیی ماددییە، یان هاوسەرگیرییەکە وەك رۆتین و بەسەربردنی رۆژگارە، بۆیە رێژەی جیابوونەوەو ناپاکیی هاوسەری کەم نییە، لە کاتێکدا دایکایەتی مانایەکی زۆر گەورەی هەیە و پێناسە تایبەت بە خۆی هەیە، دایك نیشتمان و هۆکاری مانەوەی مرۆڤایەتییە، بەلای منەوە دایکایەتی بریتییە لە بەخشینی سۆز و قوربانیدان و پەروەردەکردنی منداڵ و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، هەموو ئەوانە بەرهەمی ماندووبوونی دایکن».

توێژەری کۆمەڵایەتی شیرین ئیسماعیل، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە کچان دوای هاوسەرگیری ژیانێکی جیاوازیان دەبێت لەو ژیانەی کە لە ماڵی باوك بەڕێیان کردووە و دەبێت ئامادەکاری پێویستی بۆ بکەن، لە بەر ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی قورس دەکەوێتە سەر شانیان». گوتیشی: «کچان کە دەچنە ماڵی مێرد و ژیانی هاوبەشیان دەست پێدەکەن، دەبێت بیر لە زۆر شتی نوێ و جیاواز لە ماڵی باوك بکەنەوە، چونکە مەرج نییە ئەو بارودۆخەی کە لە ماڵی باوکی بۆی گونجاو بووە، لە ماڵی مێردی بۆی بگونجێت، هەروەها گرانترین ئەرکی دەکەوێتە سەرشان کە دایکایەتییە و پەروەردەی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەی ئافرەت و دەبێت زۆر بە پەرۆشەوە وەك ئەمانەتێك بیپارێزین، تا دەگاتە تەمەنی ١٨ساڵی و چاکە و خراپەی خۆی لێکجیادەکاتەوە».

ئەو توێژەرە بە پێویستی زانی کچان لە ژێر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری نەکەن و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «شووکردنی زوو لە ژێر تەمەنی یاسایی (١٨ساڵ) هیچ گەرەنتییەکی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی بەختەوەری هاوسەری نییە، بەداخەوە زوو شووکردن وەك چاولێکەری لێهاتووە، تەنانەت بەشێکی زۆر لە کچانی ئێمە پێش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، یان زانکۆ شوودەکەن و هەوڵنادەن لە پێشدا ببنە خاوەن ئابووری و داهات، زوو شووکردنی کچان بۆتە عادەتێکی باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوەش خەتای نەریتی کۆمەڵگەیە، نەك خودی کچان، لە بەر ئەوەی لەو نەریتەدا کچ ئەگەر خوازبێنیکەری زۆر بێت، یان زوو شوو بکات، شانازیی پێوە دەکەن، ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە کە تا چەند ئەو کچە بۆ هاوسەرداری و دایکایەتی ئامادەیی هەیە».

**شووکردنی لە ژێر تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) هیچ گەرەنتییەکی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی بەختەوەری هاوسەری نییە**

**کچان لە گەنجێتیدا لووتبەرزن و بە هەموو پیاوێک رازی نابن، کاتێکیش تەمەنیان چووە سەر بە ئاسانی بە هەموو پیاوێک رازی دەبن، بەڵام کەمتر خێری لێ دەبینن**

**ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری بەباشی بەرنامەڕێژی بو نەکرێ، ئاکامی باشی نابێت و ئافرەت دەچێتە ناو پرۆسەیەکی ناکام**